# له په‌راوێزی جه‌نگ!

١/چۆن ئه‌مریكا و عیراق، گاڵته‌جاڕی به‌ دانیشتوانی جیهان ده‌كه‌ن!

ئه‌وه‌ چه‌ندین ساڵه‌ له‌ سه‌ر هه‌ندێ ئۆتۆمبیلی بچووك، ئه‌م ریكلامه‌یه‌م به‌رچاو ده‌كه‌وێ: ئه‌م ئۆتۆمبیله‌ به‌ سه‌ته‌لایت چاودێری ده‌كرێ. به‌ هۆی مه‌سه‌له‌ی پشكنینی چه‌كه‌كۆكوژه‌كانی عیراق، فیلمێكی كۆمینتارم به‌ بیرهاته‌وه‌ له‌ باره‌ی كێشه‌ی كوبا له‌ ساڵی١٩٥٧ – واته‌ پێشی ٤٦ساڵ!– له‌ نێوان ئه‌مریكا و سۆڤێت–. له‌م فیلمه‌دا، فرۆكه‌یه‌كی جاسوسی ئه‌مریكی پیشانده‌درێت، چۆن له‌ حه‌لحه‌له‌ی ئاسمانه‌وه‌، بنكه‌ به‌ بنكه‌ی سه‌ربازیو چه‌كه‌كانی كوبا و سۆڤێت وێنه‌ ده‌گرێت. سه‌رله‌نوێ ده‌نووسم: پێشی٤٦ساڵ!

كه‌چی ئێستا، پاش ئه‌م پێشكه‌وتنه‌ له‌ڕاده‌به‌ده‌ره‌ی ته‌كنه‌لۆژیای ئه‌نفۆرماتسیون و پیشه‌سازی جه‌نگ، رژێمی فاشیستی عیراق، چه‌كه‌كۆكوژه‌كانی له‌ناو(شاحینه‌ی) گواستنه‌وه‌ زله‌كان شاربه‌شار و باغ به‌ باغ ده‌گوازێته‌وه‌، گوایه‌ كه‌س نایاندۆزێته‌وه‌! له‌مه‌یش خۆشتر ئه‌وه‌یه‌، هه‌ندێ كه‌س و حیزبی ناو ئۆپۆزیتسیون، به‌نووسراوه‌–له‌ سایتی ئه‌لنه‌هرین– ئاگاداری له‌باره‌ی ئه‌و ئۆتۆمبیلانه‌ بلأوده‌كه‌نه‌وه‌، وه‌ك بڵێی ئه‌مریكا یا وه‌ڵات و شه‌ركه‌ته‌ خاوه‌ن سه‌ته‌لایته‌كان، ئه‌و(**القاطيره و مقطورانه**)نابینن!!

حكومه‌ته‌"جه‌نگاوه‌ره‌ شارستانییه‌كه‌ی"ئه‌مریكاش، له‌ كۆبوونه‌وه‌ی نه‌ته‌وه‌ یه‌كگرتووه‌كاندا، وه‌ك گواهی له‌سه‌ر بوونی چه‌كی كۆكوژ به‌ده‌ست"رزگاركه‌ری گه‌لی عه‌ره‌ب به‌ پشتیوانی خودا"وێنه‌ی ئه‌و ئۆتۆمبیلانه‌ كه‌ له‌ نۆڤه‌مبه‌ری ساڵی رابردوو به‌ سه‌ته‌لایت وێنه‌ی گرتووه‌، پیشان ده‌ده‌ن!

به‌م بۆنه‌یه‌وه‌، شانبه‌شانیشیان كه‌ناڵی ته‌له‌فزیونه‌كان، رۆژنامه‌ جیهانییه‌كان، له‌سه‌ر لاپه‌ڕه‌ی یه‌كه‌میاندا، به‌ مانشێتی پان وبه‌رین ئه‌م جۆره‌ هه‌واڵانه‌ بلأوده‌كه‌نه‌وه‌! ئه‌ی هاوار، به‌سه‌ته‌لایت شوێن كلیلی ده‌رگای ئۆتۆمبیلێك كۆنتڕۆڵ ده‌كه‌ن، چۆن ناتوانن كۆنتڕۆڵی ئه‌و شاحینه‌ زلانه‌ بكه‌ن؟ ئاخر ئه‌مه‌ گاڵته‌جاڕی نییه‌ به‌ دانیشتوانانی ئه‌مریكا، عیراق و جیهان؟

٢/ ئاشتیخوازی به‌ شێوه‌ ئه‌لمانییه‌كه‌ی!

پاش ئه‌وه‌ی حكومه‌ت و شه‌ركه‌ته‌ چه‌كسازییه‌كانی ئه‌لمانیا، رژێمی فاشستی عیراق به‌ چه‌كی كۆكوژ ته‌یار كرد، ئێستا هاتوون كۆتری ئاشتییان به‌رزكردووه‌ته‌وه‌و به‌ ئاشكرا دژایه‌تی شه‌ڕخوازی ئه‌مریكا ده‌كه‌ن!! هه‌ڵبه‌ت ئه‌لمانیا بانگه‌وازی ئاشتی بۆ بازاڕه‌ گه‌رم و بازرگانییه‌ دۆسته‌كه‌ی(رژێمی عیراق)ده‌كا. ئه‌مه‌ یه‌كێكه‌ له‌ شێوه‌كانی سه‌رله‌نوێ دابه‌شكردنی بازاڕه‌كانی جیهانه‌!

له‌ ئه‌لمانیا، ئه‌و حیزب و گروپ و كه‌سایه‌تییانه‌ كه‌ به‌ڕاست خۆیان به‌ ئاشتیخواز ده‌زانن، ده‌بێ: أ– پرۆتێست و چالاكییه‌كانیان له‌ دژی ئه‌و شه‌ركه‌ت و حیزب و حكومه‌ته‌ ئاراسته‌ بكه‌ن كه‌ رژێمێكی درنده‌ وه‌ك عیراق به‌ چه‌كه‌كۆكوژه‌كان پڕچه‌ك كرد. ب– سۆلیداریتێت له‌ گه‌ڵ ئۆپۆزیتسیونی دژ به‌ سه‌ددام پیشان بده‌ن. له‌به‌ر ئه‌وه‌ی به‌شێك له‌ هێزه‌ دژ به‌ جه‌نگه‌كان، له‌به‌ری چه‌پ راوه‌ستاون، ده‌بێ هیچ نه‌بێ، دوو درووشم بۆ هاریكاری هێزی كۆمونیست و چه‌پ و قوربانیانی ئه‌نفال و هه‌ڵه‌بجه‌ به‌رز بكه‌نه‌وه‌. ج– چه‌په‌كان ده‌بێ به‌ نووسین و ئامرازه‌ جۆربه‌جۆره‌كانی خه‌بات، له‌ درووشم و كرده‌وه‌كانی فاشیست و راستڕه‌وه‌كان جیابكه‌نه‌وه‌!به‌ڵام وا دیاره‌ پان ئه‌نتی ئه‌مریكانیزم له‌ناو ئه‌لمانه‌كان ئه‌وه‌نده‌ به‌هێزه‌، ناتوانن درك به‌و جیاوازییه‌ بكه‌ن!

به‌ڕاستی، له‌وه‌تی ئه‌لمانه‌كان درووشمی ئاشتییان به‌رزكردووه‌ته‌وه‌، وا خه‌ریكه‌ گاڵته‌ به‌ناوی خۆیشم ده‌كه‌م...عه‌جایب!!

/٣

كه‌ركوك یا نه‌وتی كه‌ركوك؟: هه‌موو خه‌ڵكی كوردستان به‌راست و چه‌پمانه‌وه‌، كه‌ركوك به‌ به‌شێك له‌ كوردستان ده‌ناسین. درووشمی(كه‌ركوك قودسی كوردستان)ه‌ سه‌ر نووسراوه‌، ته‌له‌فزیون و دیواره‌كانی پڕكرد، كه‌چی له‌پڕ، توركیا خۆیی گیڤكردووه‌و ده‌ڵێن:(كه‌ركوك قودسی توركیا)یه‌، حكومه‌تی ئه‌مریكاش به‌شێوه‌یه‌كی"دیموكراسی و تسیڤیلانه‌"له‌ولاوه‌ دانی تیژكردووه‌ و ده‌ڵێن: ( كه‌ركوك، قودسی ئه‌مریكایه‌). پێده‌چی، كه‌ركوك دڵی جیهان بێ و ئێمه‌ تا ئێستا كوردان پێیان نه‌زانیوه‌!

ماڵی به‌رمیله‌ نه‌وتم به‌ ئاگره‌كه‌ی باوه‌ڵێ كوڕكوڕ سووتاند، بۆ ئه‌م گاڵته‌جاڕییه‌ به‌ كوردان ده‌كرێ! ئای له‌م قوڕه‌ بۆ ئێمه‌ ده‌یگرنه‌وه‌!

٢٠٠٣/٢/٨